Vision Foundation
For Strategic Studies

# نەخشەڕێگای پرۆژەی چاوی کراوە

# بۆ پڕۆژەی ڕووناکی

## لە نـێوان هاوچەرخبـوون و ئاڵەنگـاری جێبـەجێکردنـدا

ئامادەکردن: محمد کەریم محمد

www.visionfoundationiq.org

# پرۆژەی چاوی کراوە - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

## پوختە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٥/١٥دا، خولی یەکەمی دانیشتنەکانی پرۆژەی چاوی کراوەی ئەنجامدا، کە تایبەت بوو بە کەرتی کارەبا و لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی کارەبای پارێزگای سلێمانی ئەندازیار ئەنوەر حەمە سەعید و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان و کەسانی ئەکادیمی و ڕاگەیاندنەکان بەڕێوەچوو. ئەمەش لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە ناوی (چاوی کراوە) و لەپێناو ڕەخساندنی شەفافیەتی زیاتر، گفتوگۆیەکی تایبەت دەربارەی کەرتی کارەبا و ڕێگەچارەی ستراتیجی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست پێوەی لە نێویدا پرۆژەی ڕووناکی ئەنجامدرا.

سیمینارەکە بە ئامانجی تیشکخستنە سەر پرۆژەی ڕووناکی بوو، کە بریتییە لە هەنگاوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان وەك پرۆژەیەکی هاوچەرخ، بۆ دەربازبوونی کوردستان لە قەیرانی درێژخایەنی کارەبا، کە ساڵانێکە پێوەی دەناڵێنن. سیمینارەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی باڵای حکومەت، ئەکادیمیست، ڕاگەیاندکار، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمپانیا تایبەتمەندییەکانی کارەبا بەڕێوەچوو. لە سیمینارەکەدا بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی بەڕێز ئەنوەر حەمە سعید، بە دوورودرێژی دەستی خستە سەر کۆی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی سیستەمی کارەبای کوردستان و سوودەکانی پرۆژەی ڕووناکی، کە تازە لە لەدایکبووندایە بۆ دەرچوونی کوردستان لە قەیرانی کارەبا، پاشان گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە لایەن ئامادەبوانەوە لەسەر کۆی خاڵەکان خرایە ڕوو، دامەزراوەی ڤیژن لای خۆیە هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ کۆی سیمینارەکە ئامادەکردووە، بۆ خاوەن بڕیاری سیاسی کوردستان، کە چارەسەری پراکتیکی دارایی، کارگێڕی و هونەری بۆ کێشەکان دەستنیشانبکات، بە ئامانجی سەرخستنی پرۆژەکە و ئاگادارکردنەوەی بڕیاربەدەستانی سیاسی کوردستان لە قەبارەی کێشەکانی کارەبا. هەر لەو ڕوانگەیەوە، دامەزراوەی ڤیژن بە توانستی پرۆفیشناڵی و ئەکادیمی خۆی، ئامادەیە بۆ هەموو هاوکارییەك لەو ڕووەوە، بە تایبەتی زۆربەی کێشەکانی کارەبا دەخوازێت لە دەرەوەی سیستەمەکەی خۆی چارەسەری بۆ پێشنیار بکرێت، وەك لە هەندێ خاڵی ئەم ڕاپۆرتەدا دەستی بۆ براوە.

## نەخشەڕێگای ڕێنموونی و ڕێگاچارەکان

دڵنیایی لە داهاتووی سیستەمی کارەبای کوردستان، دەخوازێت لە دوو ئاستی ستراتیجیدا کاری لەسەر بکرێت:

**یەکەم: ستراتیجی هەنووکەیی:**

کارکردن لەسەر فاکتەری هونەری، تێچوون و تەکنەلۆجی، کە وەك خاڵی هەرەسپێهێنانی کۆی سیستەمی کارەبای کوردستان مەزەندە دەکرێت بۆ نموونە:

١. کارکردن بۆ بە ستاندەردکردنی سیستەمی تێچوون (انظمة الكلفة) لە کارەبای کوردستاندا لە هەموو ئاستەکاندا، لەم بوارەدا دامەزراوەی ڤیژن دەکرێت بە ڕۆڵێکی گەورە هاوکاربێت ئەگەر ئەم ئەرکەی پێ بسپێردرێت .

٢. کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئاستی وزەی وونبوو بۆ ئاستی پێوەری جیهانی.

٣. گەورەترین هەڕەشە لەسەر پرۆژەی ڕووناکی بریتییە لە لاوازی سیستەمی گواستنەوەی کارەبا، کە کەرەستە، تەمەن و تەکنەلۆجیایان دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی پێشوو، بەرگەی گوشاری فراوانبوونی پێویستی ئێستای کوردستان بۆ وزەی کارەبا ناگرێت، کە بە هەنگاوی گەورە لە ڕووی بڕ و چۆنایەتییەوە لە گەشە و فراوانبووندایە.

٤. پڕکردنەوەی گوشاری کەلەبەری پسپۆڕی لە سیستەمەکەدا، بە تایبەتی پاش لێشاوی خانەنشینبوون.

٥. بەهێزکردنی بانکی زانیاری و داتای سیستەمەکە بۆ ئاستی کێشەکان، کە هەست بە دەلاقەیەکی گەورەی نێوان کێشەکان، سیستمی داتا و زانیاری سیستەمەکە دەکرێت، ئەمەش کێشەی گەورەی بڕیار دروستکردن دەخولقێنێ، کە تەنانەت لە حاڵەتی ئەگەری دابینکردنی هەموو فاکتەرەکانی چاکسازییەکانی تر، دوورنییە ئەم فاکتەرە بەس بێت بۆ هەرەسهێنان بە تەمویل و هەموو پڕۆسە چاکسازییەکان، چونکە هەموو کەموکورتییەکی زانیاری دەبێتە سەرچاوەی هەڵەی زۆر، لەم ڕوانگەیەشەوە، دامەزراوەی ڤیژن دەتوانێ چالاکانە لەم پڕۆسەیە هاوکاربێت، کە پڕۆفیشناڵانە بیخاتە سەر سکەی ستاندەردی جیهانی.

٦. دەستبردنی جدی بۆ چارەسەری کێشەیەکی تری گەورە، کە ئێستا لە پڕۆسێسی گەورەبووندایە لە هەناوی سیستەمەکەدا، ئەویش ئاوێتەکردنی سیستمی نوێی وزەی خۆرە بە سیستەمەکە، کە یەکێك لە کێشەکانی گەڕانەوەی وزەی تازەیە بۆ سیستەمەکە و بارکردنی لۆدی زیادە بۆ سەر گۆڕەرەکان (المحولات)ی گەڕەکەکان، کە خۆشیان تا ئاستێك سوواون و تەمەنیان بەرگەی ئەو گۆڕانە خێرایە ناگرێت بە تایبەتی لە ناوچە چڕەکانی نیشتەجێبوون وەك سیتییەکان.

**دووەم: ستراتیجی کارکردنی درێژخایەن:**

ئەم خاڵە دەمانگوازێتەوە بۆ کارکردن بە پلەی یەکەم، لە ئەو ژینگە ئابوورییەی کە سیستمی پڕۆژەی ڕووناکی تیایدا دەژی لە قۆناغەکانی هەنووکەیی و درێژخایەن. لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی سیستمی کارەبا بە گشتی بکەین، کە ئەم گرنگییەی هیچی کەمتر نیە لە گرنگی سیستمی بانك بۆ گەشەی ئابووری، چ وەك جۆرایەتی و چ وەك بڕ. دەکرێت ئەو خاڵانەی خوارەوە، بۆ ئاستێك هاوکاربن بۆ ئەو تێڕوانینە بە گشتی:

١. کارکردن بۆ گێڕانەوەی کەرتە ئابوورییەکان، کە لە پەیکەربەندی ئابووری کوردستاندا دەرچوون یان سڕبوون وەك پیشەسازی، کە ئێستا بە ڕێژەی زیاتر لە ٨٠% لە کارکردن وەستاون، کەرتی کشتوکاڵ بێجگە لەوەی کەرتی هاوردە زیانی گەورەی پێگەیاندووە، وشکەساڵیش وەك فاکتەرێکی نێگەتیف، خەریکە لە بەرهەمی دەخات. هێزی کاری کوردستان بە خوێندەوار و نەخوێندەوار، خاوەن پسپۆڕی یان ناشارەزا واتە بە هەردوو بەشی جۆریی هێزی کار و بڕەکەیەوە و بە هەردوو ڕەگەزەوە بۆ ئاستێکی زۆر لە دەرەوەی پڕۆسێسی بەرهەمهێنانن، یاخود وەك کاری ڕووپۆش و دەمامکدار لە پڕۆسێسەکەدان.

٢. کارگە گەورەکان کە ڕێژەی ٢٤،٦%ی کۆی وزەی کارەبای کوردستان دەبەن، (خشتەی ژمارە ١ لە پاشکۆکان)، دەکرێت بەشێك لەم وزەیە بخەنەوە ناو سیستمی وزەی هاوبەشەکان، بەمەش نرخی یەکەی کارەبای هاوبەشەکان کەمدەکاتەوە، ئەگەر تێچووی ئەو کارەبایە بخەنە ئەستۆی خۆیان. واتە بڕێکی زۆرتر بە هەمان تێچوون، یان بەشێك لە قازانجەکانیان بخەنە سەر خەرجی گشتی کارەبا بۆ دابەزاندنی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا.

٣. پێویستە ئاستی بەکارهێنانی وزەی کارەبا بۆ ئاستی پێویست، وەك بەکارهێنانی هەموو کاڵایەکی تر، بکرێت بە کەلتوور وەك کەلتووری زیادەڕەوینەکردن لە هیچ کاڵا و خزمەتگوزارییەکدا. پێویستە ئەم کەلتوورە بگاتە هەموو ماڵێك و تاکێك، ئەمەش تەنها بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە.

## بڕیار و دەستێوەردانی بڕیاربەدەستانی سیاسی کوردستان بۆ سەرخستنی پرۆژەی ڕووناکی

**یەکەم: ئاستی کارکردنی هەنووکەیی لە ناو سێکتەرەکەوە:**

دەربارەی پێویستی بڕیاری سیاسی کوردستان بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی، لە هەندێ بواردا دەخوازێت لە دەرەوەی سندوقەوە (لە دەرەوەی سیستەمەکەوە) چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە دامەزراوەی ڤیژن دەتوانێ هاوکارێکی چالاک بێت بەو توانا ئەکادیمی و پسپۆڕییەی هەیەتی لە بوارە جیاجیاکاندا، کە هەندێك لەو چاکسازییانە لەو خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

١. ڕاسپاردنی دەزگای کارەبا بۆ دامەزراندنی (بۆردێکی تایبەتمەند)، بە ئامانجی دامەزراندنی سیستەمێکی تۆکمە و دەوڵەمەندی بانکی داتا و زانیاری، کە زۆر پێویستە بۆ دروستکردنی بڕیاری دروست، زانستی، خێرا و کەمتێچوو، دوور لە بڕیاری نازانستی و درەنگ وەخت.

٢. کارکردن بۆ کۆکردنەوەی کۆی سیستەمی کارەبا لە بۆردێکی پرۆفیشناڵی شارەزا، کە ژمارەیان بە تەواوی لە ئاستی پۆستە سەرەکییەکانی سیستەمەکەدا بێت، بۆ ئیدارەدانی سیستەمەکە بە لێپرسراوێتی تەواوەوە و کارکردن بە هەمان عەقڵیەتی قازانج و زیان، کە لە کەرتی تایبەتدا پەیڕەو دەکرێت.

٣. هەتا خاڵی دووی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت ئەم پەیپەرە پێشنیار دەکات، کە بڕیاربەدەستانی سیاسی کوردستان، بۆردێکی پسپۆڕ لە بواری ژمێریاری و ئابووری تەرخانبکەن، بۆ سەرپەرشتی شیکردنەوەی خەرجی کارەبا (وحدة تحليل الكلفة)، لە جومگە جیاوازەکاندا، چونکە ئەوەی هەڕەشەی ڕاستەقینەیە لەسەر پرۆژەی ڕووناکی، تێکچوونی هاوسەنگییە، لە نێوان خەرجی زۆر و بەهەدەردانی وزە لەلایەك و ئاستی نزمی داهاتی تاکی بەکارهێنەری یەکەی کارەبا، بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییە، لە لایەکی تر.

٤. کاراکردن و ئەکتیڤکردنی پەیوەندی نێوان پرۆژەی ڕووناکی و یەکە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بۆ پێگەیاندنی پرۆژەی بە کەلتوورکردنی زانستی بەکارهێنانی وزەی کارەبا لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە.

٥. کارکردن بە شێوەی بەردەوام بۆ پێداچوونەوە و بەدواداچوونی نێوان داهات و خەرجی یەکەی کارەبا لەگەڵ بەردەوامی پرۆژەکە، وەك پرۆسێسێکی بەردەوام، بە ئامانجی کەمکردنەوەی خەرجی و پاشان کەمکردنەوەی نرخی یەکەی کارەبا پێش ئەوەی کۆی پرۆژەکە هەرەسبهێنێ لەژێر باری قورسی نەتوانینی پاکتاوکردنی قەرزی کارەبا، لە لایەن هاوڵاتیان و بەکارهێنەرانیەوە.

**دووەم: کارکردن لە مەودای درێژخایەن:**

بۆ سەرخستنی پرۆژەی ڕووناکی، یان هەر پرۆژەیەکی تر لە ئابووری کوردستاندا، کە کەوتۆتە قەیرانەوە، دەخوازێت بڕیاربەدەستانی سیاسی کوردستان کاربکەن بۆ چالاککردنی داهاتی تاکە کەس و کەمکردنەوەی قەبارەی بێکاری، لە ڕێگای چالاککردنی کەرتە ئابوورییە سەرەکییەکانی کوردستان بە تایبەتی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار. چونکە ئێستا ئەم سێکتەرە سەرەکییانە بۆ ئاستێکی گەورە لە دەرەوەی پرۆسێسی بزاوتی ئابووریدان، بەهۆی باڵادەستی سیستەمی ئابووری کرێخۆری نەوت و بازرگانی هاوردە. ئەمەش بە دڵنیاییەوە پلان و ستراتیجی تایبەت بە خۆی پێویستە، کە چۆن هەماهەنگی Coordination، تەواوکاری Integration، لە نێوان پلانی ئابووری و خاڵە گومرگییەکان و ئەو کەرتە ئابوورییە پەراوێزخراوانەدا دروست دەکرێت، کە ئەمە بەدەرە لەم باسەی ئێستای ئێمەدا، بەڵام گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی.

## کۆی بەربەست و ئاڵەنگارییەکانی کەرتی کارەبای پارێزگای سلێمانی، لە دەرئەنجامی پوختە ئەزموونی بەرپرس و ئەکادیمییەکانی پارێزگاکە، بە وردی تیایدا ڕووناکی خراوەتە سەر گشت لایەنەکانی کەرتەکە :

١. کۆی سیستمی کارەبای کوردستان لە ژینگەیەکی ئابووری زۆر ناهاوکاردا دەگوزەرێت، ژینگەی ئابووری کوردستان لە ناهاوسەنگییەکی زۆر دژواری نێوان تەوژمی (التدفق) بەرهەمهێنانی کاڵا لە (کەرتە بەرهەمهێنەکانی کوردستان) و تەوژمی پارە، کە هەڵسوڕێنەری کەرتە مادییەکانی ئابوورییە دەگوزەرێت. بە مانایەکی تر، قەبارەی تەوژمی پارە بۆ ناو ئابووری کوردستان بەشی جوڵەیەکی کەمی بزاوتی کەرتە ئابوورییەکان دەکات، بۆیە بەشێکی گەورە لە کەرتی بەرهەممهێنانی کاڵا (بەرهەمی مادی و خزمەتگوزاری) لە ئابووری کوردستاندا کراونەتە دەرەوەی جوڵە و بەرهەم. ئەمەش کۆمەڵێك دیاردەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی ... هتد، زۆر ترسناکی بۆ کوردستان خولقاندووە، لە پێش هەموویانەوە بێکارییە، کە هۆکارە بۆ بەرهەمهێنانی هەژاری.

٢. بەپێی دواین ئاماری تەرازووی خێزان لە هەرێمی کوردستان، داهاتی خێزان بۆ ساڵی ٢٠٢٤ ڕێژەی ١٢،٨% کورتهێنانی هەیە بەرامبەر خەرجی، لەسەر ئاستی هەموو مانگەکان. ئەگەر لە ڕوانگەی داهاتی فەرمانبەرانەوە ئەم بەراوردە بکەین ئەم ڕێژەی کورتهێنانە بەرزتر دەبێتەوە. ئەگەر تێکڕای خەرجی مانگانە بۆ خێزانێك ١٥١١٠٠٠دینار/مانگ بێت، (داتای بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ٢٠٢٤) و تێکڕای مووچەی پلە ٣-٨ ی فەرمانبەران، کە ڕێژەی ٨٥،٧٩% ی کۆی فەرمانبەرانی کوردستان پێکدەهێنن بریتیە لە ١٠٠٥٣٤٣ دینار، (خشتەی ژمارە ٤ لە پاشکۆکان)، واتە ڕێژەی کورتهێنانی مووچە بەرز دەبێتەوە بۆ ٣٣،٤٣%، ئەمە ئەگەر هەموو مانگێك کارمەند مووچەکەی لە کاتی خۆیدا بە بێ هیچ کەموکورییەك وەربگرێت. ئەمەش پێمان دەڵێت سیستمی ئابووری کوردستان مانگانە ڕێژەیەکی بەرچاو لە توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە دەخاتە سەر هێڵی هەژاری و خوار هێڵەکەوە، لەگەڵ بەردەوامی کاری سیستمەکەش بە بەردەوامی ئەم هەژارییە گەورە دەبێت و لەگەڵ خۆیدا ڕێژەی هەژاری بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی دروستکردنی کۆمەڵگەی برسی.

٣. هەر وەك دەرئەنجامی ئەو خاڵەی سەرەوە، کۆمەڵگەی کوردستان ناتوانن کۆی بەرهەمی کارەبای بەرهەمهاتووی کوردستان بەکاربهێنێت. ئێستا تەنها ٥٧،٥٨% (داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥) پێداویستی لە وزەی کارەبای بەرهەمهاتووی کوردستان وەردەگرێت، تەنانەت بۆ ئەو ڕێژەیەش ناتوانن شایستە داراییەکانی بەکارهێنانی کارەباکەی پاکتاوبکات، باشترین نموونەش کەڵەکەبوونی قەرزی بەڕێوەبەرایەتی کارەبایە لەسەر بەشداربووان.

٤. بەشی سیستەمی گواستنەوەی کارەبا لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ تۆڕەکانی دابەشکردن، خاڵێکی زۆر لاوازی سیستمی کارەبایە بۆ داهاتووی نزیك، هەروەها هەڕەشەیەکی گەورە دەبێت لەسەر پەکخستنی پڕۆژەی ڕووناکی، لە دوور مەودادا، چونکە تێچوویەکی زۆری دەوێت بکرێتە هاوشانی کارەبای بەردەوامی پڕۆژەی ڕووناکی لەو ژینگە ئابوورییە هەژارییەی کوردستاندا، کە بەشداربووان گومان دەکرێت بتوانن هاوکاربن بۆ ئەم چاکسازییە هەنووکەیەی ئەم سیستمی گواستنەوەی وزەیە.

٥. کەلەبەرێکی گەورەی تەکنیکی لە سیستمی کارەبادا بەهۆی خانەنشینی نزیکەی ٦٠٠ تەکنیکارەوە (داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥)، لە پارێزگای سلێمانی دروست بووە کە بە ئەگەری زۆرەوە، کێشە بۆ بەردەوامی پڕۆژەی ڕووناکی دروست دەکات لە داهاتوودا.

٦. کێشەیەکی تری سیستمی کارەبای کوردستان بریتییە لە بەرزی ئاستی وزەی وونبوو، کە چەندین ساڵە بە بەردەوامی لە زیادبووندایە، کە ڕێژەکەی دەگاتە ٤٠،٩٦%، (خشتەی ژمارە ٩ لە پاشکۆکاندا)، خۆ ئەگەر ١٠%ی وونبوونی وزە ئاسایی بێت وەك پێوەرێکی هونەری جیهانی، ئەوا ڕێژەی ٣٠،٩٦% لەسەروو پێوەری جیهانییەوەیە، ئەمەش لە کۆتاییدا بەشێکە لە بارگرانی بۆ سەر تێکڕای تێچوونی کارەبا بێجگە لە فاکتەرەکانی تری تێچوون، کە لە کۆتاییدا بەشداربوو دەبێت قورساییەکەی لە ئەستۆبگرێت.

## پرنسیپی واقیعی کارەبا لە هەرێمی کوردستان:

- **بەرهەمهێنان:** توانای هەرەباڵای (الطاقة القصوى) بەرهەمهێنانی کارەبای کوردستان، کە پشتی بە کەرتی تایبەت بەستووە، دەگاتە ٧.٢٨ مێگاوات، هەرێمی کوردستان لەبەر ئاستی زۆری تێچوون تەنها سوود لە ٤١٤٩ مێگاوات دەبینن، واتە ڕێژەی ٥٩،٠.٣% (داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی)، لە توانای سیستمی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا. هەردوو وێستگەی کارۆئاوی دوکان و دەربەندیخان، لەبەر وشکەساڵی، ئێستا بێبەرهەمن.

- **گواستنەوەی وزەی کارەبا:** وزەی کارەبا لە وێستگەکانی کارەباوە بە ١٤٣.٦ گۆڕەر (محولة) و ٥١٣ فیدەر دەگوازرێتەوە بۆ سیستمی دابەشکردنی کارەبا لە پارێزگاکاندا، (خشتەی ژمارە ٦ لە پاشکۆکاندا).

- **سیستمی دابەشکردنی کارەبا:** ڕۆژانە وزەی بەرهەمهاتوو دەگوازرێتەوە بۆ بەشداربووانی پارێزگەکان، بۆ نموونە لە سلێمانی بۆ بەشداربووانی بەکارهێنەرانی وزەی کارەبا، کۆی ژمارەی بەشداربووان ٥٥٣٥٣٨، کە بریتییە لە بەشداربووانی ماڵان ٤٥٧٣٩٣ (٨٥،٦٣%)، بازرگانی ٧٣٣٢٥ (١٣،٢٤%)، کشتوکاڵ ١٧٣٤. (٣.١١%)، پیشەسازی ١.٩٤ (٠،١٦%) و میری ٤٣٨٦ (٠،٧٩%)، (خشتەی ژمارە ٧ لە پاشکۆکاندا).

کۆی سیستەمی کارەبای سلێمانی، بە ژمارەی ٤٨١٤ کارمەند بەگەڕدەخرێت (داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی).

تێکڕای کاتژمێرەکانی کارەبا بۆ سلێمانی لە ساڵانی ٢٠١٣-٢٠٢٤، ڕۆژانە تەنها ١٦ کاتژمێر بووە، (خشتەی ژمارە ٨ لە پاشکۆکاندا)، بەڵام بۆ ٣ ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٤، کە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا وەك تێکڕای پارەی مانگانەی کارەبای ڕووناکی بۆ سەر هاوڵاتیان مەزەندەکردووە تەنها ١٣،٨٤ کاتژمێر بووە نەك ٢٤ کاتژمێر، (خشتەی ژمارە ٢ لە پاشکۆکاندا)، بۆیە پارەی کارەبای مانگانە بۆ بەشداربووان بۆ پڕۆژەی ڕووناکی بۆ ٢٤ کاتژمێری ڕۆژانە بە دڵنیاییەوە زیاترە لەو بڕەی بەڕێوەبەرایەتی کارەبا دیاریکردووە، (خشتەی ژمارە ٣ لە پاشکۆکاندا).

ڕێژەی دابەشبوونی کارەبای سلێمانی لە نێوان کۆی هاوبەشەکان و کارگە گەورەکان وەك ئاسن و چیمەنتۆ بۆ نموونە بۆ هاوبەشەکان دەگاتە ٧٥،٤٠%، کارگە گەورەکان ٢٤،٦٠%، (خشتەی ژمارە ١ لە پاشکۆکاندا).

تێکڕای ڕێژەی سەدی کارەبای وونبوو لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣-٢٠٢١، بریتی بووە لە ٤٠،٩٦% ، (خشتەی ژمارە ٩ لە پاشکۆکاندا)، کە بۆتە بارگرانییەکی گەورە بۆ تێچوونی کارەبا، بەتایبەتی کە هەڕەشەیەکی گەورە دەبێت لەسەر پڕۆژەی ڕووناکی بۆ داهاتوو.

ئاستی تێچوونی بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان ساڵانە بە بڕی ٢.٧ ترلیۆن دینار مەزەندە دەکرێت بەرامبەر بڕی ٤١٤٩ مێگاوات، واتە تەنها ڕێژەی ٥٩%ی وزەی بەرهەمهاتوو و ڕێژەی ٤١% دەفرۆشرێت بە عێراق (داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥).

## داتا پاشکۆکان

**خشتەی ژمارە ١**

کارەبای کارگە گەورەکان و هەموو هاوبەشەکان لە
سلێمانی بۆ ٢٠٢٤ بە مێگاوات (کارگەی ئاسن و چیمەنتۆ)

| | | |
|---|---|---|
| هەموو هاوبەشەکان | ٧٠٧ | %٧٥،٤٠ |
| کارگە گەورەکان | ٢٣١ | %٢٤،٦٠ |
| کۆ | ٩٣٨ | %١٠٠ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

**خشتەی ژمارە ٢**

تێکڕای ژمارەی کاتژمێری پێدانی کارەبا بۆ ٣ ساڵی ڕابردوو (٢٠٢٢, ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤)

| ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٤ | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| ١٤،٢ | ١٥،١١ | ١٢،١٧ | ١٣،٨٢ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

**خشتەی ژمارە ٣**

خشتەی جیاوازی نرخی کیلۆوات بە هەژماردنی حکومەت (١٣،٨٢ کاتژمێر/ڕۆژ و کارەبای ڕۆژانەی ٢٤ کاتژمێر/ڕۆژ)

| پارەی کارەبا بە ٢٤ کاتژمێر/ڕۆژ | | پارەی کارەبا بە ١٣،٨٢ کیلۆوات/ڕۆژ | |
|---|---|---|---|
| بڕی پارە | کیلۆوات | بڕی پارە | کیلۆوات |
| ٤٠٠ | ٢٨٨٠٠ | ٦٤٩ | ٦٠٥٥٢ |
| ٨٠٠ | ٧٢٠٠٠ | ١٣٨٩ | ١٩١١٤٠ |

سەرچاوە: لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە پاڵپشت بە خشتەی ژمارە ٨

**خشتەی ژمارە ٤**

تێکڕای مووچەی کارمەندانی حکومەت بۆ پلەکانی ٣-٨ بۆ ساڵی٢٠٢٤ بە دینار

| پلە | % | بڕی مووچە | تێکڕای مووچە |
|---|---|---|---|
| ٣ | %٨،٧٩ | ١٦٩١٧٥٤ | |
| ٤ | %١٠،٠٧ | ١٠٨٨٣٢٩ | |
| ٥ | %١٦،٣٩ | ٩٣٣٦٠١ | |
| ٦ | %٢١،٤٤ | ٨٥٢٤٣٩ | ١٠٠٥٣٤٣ |
| ٧ | %١٨،٦٣ | ٧٣٣٥٨٦ | |
| ٨ | %١٠،٤٧ | ٧٣٢٣٥٠ | |
| کۆ | %٨٥،٧٩ | ٦٠٣٢٠٥٩ | |

سەرچاوە: وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، داتای بڵاونەکراوە/٢٠٢٥

**خشتەی ژمارە ٥**

تێکڕای مووچەی مانگانەی خاوەنپێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان/٢٠٢٤

| ژمارەی خاوەنپێداویستی تایبەت لە کوردستان | کۆی مووچەی مانگانە | تێکڕای مووچە |
|---|---|---|
| ٧٣٢٣٦ | ١٠٦٤٧٩٥٠ | ١٤٥٣٩٢ |

سەرچاوە: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داتای بڵاونەکراوە/٢٠٢٥

**خشتەی ژمارە ٦**

پێکهاتەی کەرتی کارەبای کوردستان

| ژمارەی هاوبەش، ژمارەی محولە و فیدەر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی هاوبەش | | % | ژمارەی گۆڕەر (محولە) | ژمارەی فیدەر |
| ماڵان | | ٨٤،٠٩ | | |
| بازرگانی | | ١١،٦٣ | | |
| پیشەسازی | ٥٤٤٣٠٦ | ٠،٢ | ١٤٣٠٦ | ٥١٣ |
| کشتوکاڵی | | ٣،١٨ | | |
| میری | | ٠،٩ | | |
| کۆ | | %١٠٠ | | |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

**خشتەی ژمارە ٧**

ژمارەی هاوبەشەکانی کارەبای سلێمانی بە پێی فەرمانگەکان

| جۆری هاوبەش | ڕۆژهەڵات | ڕۆژئاوا | سیدصادق | دوکان | چەمچەماڵ | دەربەندیخان | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ماڵان | ١٢٧٣٠٩ | ١٧٢٦٣٣ | ٥٤٧٧٣ | ٤٠١١٠ | ٤٧٣٤٠ | ١٥٢٢٨ | ٤٥٧٣٩٣ |
| بازرگانی | ٣٨٤٣٥ | ١٧٩٣٣ | ٦٣٠٤ | ٤٠٠٠ | ٤٦٤٧ | ٢٠٠٦ | ٧٣٣٢٥ |
| پیشەسازی | ٣٢١ | ٣٩٩ | ٦٨ | ١٣٠ | ٨٤ | ٩٢ | ١٠٩٤ |
| کشتوکاڵی | ٩٨٣٠ | ٢٦٨٦ | ٢٢٣٨ | ١٥٣٠ | ٩٦٠ | ٩٦ | ١٧٣٤٠ |
| میری | ١٧١٩ | ١١٩٥ | ١٤٣ | ٤٦١ | ٧١٧ | ١٥١ | ٤٣٨٦ |
| کۆ | 177614 | ١٩٤٨٤٦ | ٦٣٥٢٦ | ٤٦٢٣١ | ٥٣٧٤٨ | ١٧٥٧٣ | ٥٥٣٥٣٨ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

**خشتەی ژمارە ٨**

تێکڕای کاتژمێرەکانی کارەباپێدان لە سلێمانی ٢٠١٣-٢٠٢٤

| ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢,٣١ | ٢٠,٤٢ | ١٨،٣٥ | ١٦,٣٩ | ١٢,٤٣ | ١٣,١٧ | ١٦,٠٣ | ١٦،٠٩ | ١٦,١٣ | ١٤,٢ | ١٥,١١ | ١٢،١٧ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

**خشتەی ژمارە ٩**

ڕێژەی سەدی وزەی وونبوو بە پێی ساڵ ٢٠١٣ - ٢٠٢١

| ٢٠١٣ | ٢٠١٥ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٪٣٧,٥١ | ٪٣٨,٨ | ٪٤٤,٤ | ٪٥٠,٣٦ | ٪٣٥,١٨ | ٪٣١,١٥ | ٪٣٣,١١ | ٪٥١,٥٨ | ٪٤٦,٦٣ | ٪٤٠,٩٦ |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی/٢٠٢٥

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
مؤسسة رؤية للدراسات الاستراتيجية
Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq